
# ڕوئیا تلوعی "نە من و نە کازیوە خان گاڵتەجاری هەواڵ نین کە بازارگەرمی بکات و بە تۆمەت ساز کردن و وڵام دانەوەی ئێمە ڕۆژنامەکەی زۆرتر بفرۆشێت"



ئا/ ڕێوان

**ڕێوان: تا چەند ئەو هەواڵەی لە هەفتەنامەی هەواڵدا بڵاو بۆتەوە ڕاستە کە بەڕێزت بوویتەتە کێشەی نێوان کازیوە و هاوسەرەکەی؟**

**ڕوئیا:** ئەم هەواڵە درۆیەکی بێشەرمانەیە . من کازیوە خانم بەس بە نووسینیەکانیدا ناسیوە و جگە لە پێوەندی بە ئیمەیل هیچ پێوەندیەکی ترمان پێکەوە نەبووە و تەنانەت تا ئیمرۆش ئەم خاتوونە بەڕێزم نەدیوە. ئەو کاتەی سەرنووسەری ڕاسان بووم ، بە هۆی ئەوەی نووسینەکانی خاتوو کازیوەم بەدڵ بوو بەردەوام وتارەکانیم چاپ دەکرد. هاوسەری کازیوە خانیش هەر بە ئیمەیل دەمناسی و وتارم ناردوە بۆ سایتی کڵاورۆژنە.تەنانەت ئاگاداری کێشەی جیایی لە نێوانیان نەبووم ( لەم ڕۆژانەدا بە پێی پرسیاری تەلفۆنیم لە کازیوە خان و هاوسەرەکەی_ بە شوێن بڵاو بوونەوەی ئەو بابەتە ناشرینەی هەواڵ_ تازە زانیم ماوەی ١٥ مانگە لێک جیا بوونەتەوە) و هەڵبەت ژیانی تایبەتی خەڵکیش هیچ پێوەندی بە منەوە نیە.

کاتێک گەیشتمە فرۆکەخانەی واشنتۆن خانم سۆرەیا سێراجەدینی لە لایەن کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ، کاک مۆرتەزا ئیسفەندیاری نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کاک کەریم عەبدیان نوێنەری نەتەوەی عەرەب لە کۆنگرەی مللیەتە فێدراڵەکانی ئێران و کاک ساقی بارزانی سەرنووسەری تەنیا ڕۆژنامەی کوردی ئەمریکا واتە کڵاورۆژنە، هاتنە پێشوازی خۆم و دوو منداڵەکەم. من لە و کاتەوە هاتوومە ئەمریکا (سێ مانگ لەمەو پێش واتە ٢٨ی ئەپریل) تاکوو ١٤ی ژولای بە خۆم و دوو منداڵمەوە میوانی ماڵی سۆرەیا خانم بووم و قەت قەت چاکەکانی لەبیر نابەمەوە. بە یارمەتی سۆرەیا لە ڕۆژی ١٤ی ژولایەوە ماڵم بە کرێ گرتوە وئەوە ٢ هەفتە نیە لەگەل منداڵەکانم لە ماڵی نوێماندا دەژین و بە شوێن دروست کردنی کاری هاتنی هاوسەرەکەمم . لەگەڵ ئەوەی کە هەفتەیەکە میوانداری خانم ویکتۆریا ئازاد ئەندامی چالاکی بزووتنەوەی ژنانم کە لە سوێدەوە هاتوە بۆلام، بەداخەوە لە ڕۆژی ٢٣ ژولایدا بە هۆی خەمی کۆچی دوایی ناکاوی سۆرەیا ماتەمێکی گەورە دایگرتم. هەر لێرەوە سەرخۆشی لە بزووتنەوەی ژنانی کوردی ڕۆژهەڵات دەکەم کە خاتوونێکی چالاکی لەدەست داوە.

بە هەرحاڵ ئەوە من سێ مانگە هاتووم و کازیوەش ١٥ مانگە جیا بۆتەوە.کەواتە ٤ مانگ پێش لە زیندانی بوونی من ئەم ڕووداوە بوە و ئەو کات من لە ئێران بووم و هیچ پێوەندی بە منەوە نیە.

**ڕێوان: گەر ڕاست نیە بۆ لەناو زۆرێک لە ژنانی هەڵسوڕاو ئەمە بە بەڕێزت وتراوە؟**

**ڕوئیا:** پرسیارێکی سەیرە! ئەوە وەڵامەکەی دەبێ لە نازناوی فەرهادی ڕەزایی( کە کەسی وامان لە واشنتۆن هەر نیە!!) و لە سەرنووسەری هەواڵ وەرگرن . بەڕای من ئەمە دەستی ئیتلاعاتی ئێرانی تێدایە چونکە دوای هەڵاتنم لە ئێران( بە شوێن زیندانی و ئەشکەنجە بوونم)، چالاکی من لە ئەمریکا زۆر زیاتر بوە.لەم ماوەدا بانگهێشتی کۆشکی سپی کرابووم کە لە دانیشتنێک بۆ باس لەسەر سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران بەشدار بم. نیکۆلاس بێرنز و ئیلیۆت ئابرام کە دوو مەقامی باڵای سیاسی ئەمریکان لەو دانیشتنەدا بەشدار بوون. دیارە بۆ ئیتلاعاتی ئێران دژوارە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەنە ئەو ئاستە کە میوانی کۆشکی سپی بن .ئەم کارە ناشرینەی هەواڵ بەدوای ئەو دیدارە بوو و ئەمە لای من مانای زۆرە. بەتایبەت کاک شوان هاتۆتە سنە و مێردی من و ماڵی منی دیوە و پێوەندی ئیمەیلی هەم لەگەڵ من و هەم لەگەڵ کازیوە خان بوە. دەیتوانی پێش بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە پرسیارێکی لەسەر ڕاست یا درۆ بوونی لە کازیوە خان یا من بکردایە. سەیر ئەوەیە من دوو جار ئیمەیلم بۆ شوان داوودی کردوە هەر وڵام ناداتەوە و چەند جار پێوەندیم بە ڕەقەمی تەلەفۆنی دەستییەکەی کردوە، بەڵام دەیدا بە کاک ڕەحمان و ئامادە نیە وڵامی من بداتەوە یان تەلەفۆنەکە دادەخات. بەهەحاڵ

کاک شوان هاتۆتە سنە و مێردی من و ماڵی منی دیوە و پێوەندی ئیمەیلی هەم لەگەڵ من و هەم لەگەڵ کازیوە خان بوە. دەیتوانی پێش بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە پرسیارێکی لەسەر راست یا درۆ بوونی لە کازیوە خان یا من بکردایە

وەڵامنەدانەوەی کاک شوان منی نیگەران کردووەو تا ئەم ساتە چاوەڕێی وەڵامم.. زۆر بەداخەوە چونکە بەڕاستی کاک شوانم وا نەدەناسی و لای من ڕێزی زۆری بوو. من یا هاوسەرەکەم دەمانتوانی بگەینە کوردستان و سکاڵا بەرین بۆ دادگاو، سەرنووسەری هەواڵ دەبوا بە بەڵگە ئەو تۆمەتانە بسەلمێنێ، بەڵام ئەمەمان نەکردوەو بەباشمانزانی لە ڕێی ئەم ڕۆژنامەیەوە راستییەکان بخەینە روو.

**ڕێوان: گەر ئەم مەسەلەیە هیچ راستییەکی لە پشتەوە نیە دەکرێت راگەیاندنێک بۆ پەیوەستدار نەبوونت بکەیت؟**

**ڕوئیا:** دیارە من راگەیاندن لە هەواڵدا ناکەم . رەنگە مەبەست داخ کردنی بازاری فرۆشی ڕۆژنامەکەشیان هاوکات لەگەڵ خزمەت بە ئێران بێت. بەڵام دەڵێم بەداخەوە، نە من و نە کازیوە خان گاڵتەجاری هەواڵ نین کە بازارگەرمی بکات و بە تۆمەت ساز کردن و وەڵامدانەوەی ئێمە ڕۆژنامەکەی زۆرتر بفرۆشێت.

بەس لە کۆتاییدا دەڵێم نەنگییە بۆ کاک شوان داودی، کە ئاوا بە بێ بەڵگەو بەدواداچوون ڕێگە دەدات لە ڕێی هەفتەنامەکەیانەوە ئەو هەواڵ و بابەتانە بڵاوبکرێنەوە کە دەبنە هۆی لەکەدارکردنی کەسایەتی خەڵک.

کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بزانێ من دەستبەرداری خەبات نیم و بە هەزاران فرۆفێڵی وا مەیدانم چۆڵ نەکردوە و نایکەم. خەباتی ژنانی کورد هەر بەردەوامە و منیش یەکێکم لە هەزاران ژنی کورد کە بۆ مافی ژن و مافی کورد تێدەکۆشن.

# کازیوە ساڵح "من زۆر بەر لە ڕۆشتنی ڕوئیا بۆ ئەمەریکا لەرووی دادگاوە جیابوومەتەوە، جیابوونەوەشمان لە سەر بنەمای نەگونجانی فکری بووە نەک کێشەی کۆمەڵایەتی.



**ڕێوان: ئایە تا چەند ئەوە ڕاستە کە د. ڕۆئیا تلوعی بووە بە هۆی کیشەی نێوان تۆ و هاوسەرەکەت ؟**

**کازیوە:** هەواڵێکی نادروستە و بە هیچ شێوەیەك ڕاست نیە ،من زۆر بەر لە ڕۆشتنی ڕوئیا بۆ ئەمەریکا لە ڕووی دادگاوە جیابوومەتەوە ، ئەوەی لە دەستی پیاودایە جیابوونەوەی ئاینیەکەی ماوە ، جیابوونەوەشمان لە سەر بنەمای نەگوونجانی فکری بووە نەك کێشەی کۆمەڵایەتی. روئیا تلوعی و ژنە چالاکەکانی تری کوردیش لەوە گەورەترن پیرۆزی دایکایەتی و هاوسەری و بیروباوەڕی خۆیان بە وەهمی کرچ و کاڵ بگۆڕنەوە، ئەو مرۆڤەش هاوسەری من بوو هێندەی خۆم دژی خیانەتی زەوجی بوو، ئەوەش تایبەتمەندی تاکەکانە و هیچ کەس و لایەنێك بۆی نیە خۆی تێهەڵقورتێنێت . جاران بە ژن دەگووترا قسەی سەر تەنور دەکات ، ئێستا ژن هۆشیار بووەتەوە ئەوە ناکەن ، لەوەتەی کورد ئاگردانی نەماوە ،پیاوان قسەی گۆێ ئاگردان لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەکەن

پشت ڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە بۆ من گەورەیی نیە، ئەرکە، بەرانبەر بە ڕاستی، هەقیەقەت، ژن، مرۆڤ بوون.

**ڕێوان: ئەگەر ڕاست نیە پێت وایە ئەمە هەوڵێکی تری دەزگا هەواڵگرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بێت ،بۆ ناشیرین کردنی ژنێکی هەڵسوڕاو لە ڕێگەی بە کارهێنانی هاوڕەگەزێکی خۆییەوە ؟**

**کازیوە:** دەکرێ هەوڵی دەزگا هەواڵگرەکانی ئێران، تورکیا یان سوریا بێت ، گورزدان لە ژنی کورد و تاکی کورد بەرژەوندی سیاسی ئەوان دەگەیەنێت ، رۆئیا کۆمەڵێ چالاکی سیاسی خۆیی هەیە لە گەڵ دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا، ئەوەش لە بەرژەوندی ئێران نیە، کازیوەش هەمان دۆزی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کەنەدا هەیە سەبارەت بە پرسی ئەنفال و بە تایبەت ١٨ کچە فرۆشراوەکە پێدەچێت ئەوەش لە گەڵ ئەوەی بەرژەوندی دوژمنانی کوردی تێدا نیە ، بەرژەوەندی دەزگا هەواڵگرەکانی کوردیشی تێدا نەبێت ، بۆیە دەکرێ هەوڵی دەزگا هەواڵگرەکانی کوردیش بێت ، چونکە جگە لەوەی سەرجەم ئەو دەزگا هەواڵگرانەی ناویان هاتووە بەرژەوندی هاوبەشیان هەیە ، کازیوەش ئەو جۆرە ڕەفتارە نامرۆییەی لە دەزگای هەواڵگری کورد زۆر بینیوە و خەڵکی کوردیش بەو جۆرە حکایەتە ڕاهاتوە ،جگە لەوەی بەرژەوندییان هەیە لەوەی زهنی خەڵك لە و ڕێکەوتنی عەشیرەتگەریەی کە کوژرانی دوو ژنی بە دەستی سالە مزلی تێدا نۆش کرا بگوێزنەوە بۆ مەسەلەیەکی دی ژنان ، بەڵام دەشکرێ نەشیاوی و نەزانی کاری ڕۆژنامەوانی و مامەڵەی مرۆیی بێت ،(بە تایبەت پاش ئەوەی من نامەی گلەییم لەو کارە نەشیاوە ناردوە و نامەکەش بڵاوکراوەتەوە ) پێدەچێت لە بەر ئەوەی ژمارەی بڵاوکراوە بێ خوێنەرەکانی کوردستان لە ژمارەی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان زیاترە ، بیانەوێ بازاڕ گەرمی و پڕ فرۆشی ڕۆژنامەکان بە ناو زڕاندنی ژنە چالاکەکان بە دەست بهێنن.

**ڕێوان: گەر ئەو خانمە لەو مەسەلەیەدا نیە ، گەورەیی تۆیە راستی و ناراستی ئەو هەواڵە ڕابگەیەنیت ؟**

**کازیوە:** دوور لە "ئەگەر " و گریمانەپێویستە هەموومان ئەو متمانەیەمان بە ژنی خاوەن قەڵەم هەبێت لە بەر ئەوەی خاوەنی بیروباوەڕێکی جیاوازە لە بیروباوەڕی نەرێتی کرداریشی جیاواز و جوانترە لەوەی کۆمەڵی دواکەوتووی کوردی دەتوانن ڕاڤەی بۆ بکەن ، پشت ڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵەش بۆ من گەورەیی نیە ، ئەرکە ،بەرانبەر بە ڕاستی ، هەقیەقەت ، ژن ، مرۆڤ بوون.

.پێشم خۆشە لێرەوە بە هەموو ئەو ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامە بەڕێزانەش بڵێم کە پەیوەندییان کردووە بە هەردوو لامانەوە بۆ ڕوونکردنەوە لە سەر ئەو مەسەلەیە ئیمە بە بڕیاری هەردوولامان (کازیوە ساڵح و ڕوئیا تلوعی) دەرگامان لەسەر ئەو چەلەحانیە ناپەسەندە داخستوو، ئەرك و فەرمانی لەوە گەورەترو پیرۆزترمان هەیە کاتی بۆ تەرخان بکەین، ئێمە گەر ئەو پرسە نەتەواتی و فکریانەشمان نەبێت کە وروژاندوومانەو زۆربەی کاتی خۆمان بۆ تەرخان کردووە ، هەردوو لا دایکین ، ڕۆئیا دایکی دوو منداڵە ، منیش دایکی دوو برا کە خۆم پەروەردەم کردوون و پەروەردەیان دەکەم ولە گەڵمن ، گەر تەنها دایکایەتێکەش پیشەمان بێت نەك پێنووس کاتمان لەوە پیرۆزترە بە وەڵامی قسەو